# تکایە ڕووداوەکان چەواشە مەکەن

وەك هەمووو لایەك ئاگادارە کەمپەینی نارِەزایی بە دژی تۆپبارانی تورکیاو ئیران بۆ سەر هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی ماوەی چەند ڕۆژێك بوو ئاگاداریمان بلاوکردبۆوەوە، ئەمرۆ کاتژمێر 9 سەرلەبەیانی هەروەك بریار وابوو لەدەروازەی شارۆچکەی عەنکاوە وویستمان ڕێپێوان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان سازبدەین، بەلام هێزەکانی ئاسایش ڕێگەیان پێنەداین ووتیان تەنها دەتوانن بچنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

ئەوەبوو دەستەی کەپەین بەباشی زانی بۆئەوەی پەیامێکی مرۆڤانە بگەیەنیین رازیبووین بچینە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئێمە پێشتر مۆڵەتمان لە وەزارەتی ناوەخۆ وەرگرتبوو و لەسەر داواکارییەکە ڕوونمان کردبۆوە کە دەچینە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان. ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی سەرۆکی فدراسیۆنی ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابییەکان بەرەڤان حەمدی ووتارێکی کورتی دا، ووتەبێژی دەستەی کەپەین دەقی ئەو یاداشتنامەیەی خوێندەوە کە بریاربوو پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت.

کارەکە تائێرە تارِدەیەك بەباشی بەرِیوەچوو بەلام ئەمشەو ئێمە وەکو کۆمیتەی کەمپەین سەرمان سورِما کاتێك بینیمان هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵی ئەو ڕێپێوانەیان بەچەواشەیی بلاوکردەوەتەوە بۆ نموونە هەریەك لە ڕادیۆی نەوا و تەلەفزیۆنی زاگرۆس و ڕۆژنامەی ئاوێنە وایان بلاوکردەوە کە گوایە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگەیان بە ئێمە نەداوە بچنە بەردەم بارەگاکەیان، یان کەناڵی جەزیرە وای بلاوکردەوە کە هەندێك لە کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هەولێر بە دژی ئەو تۆپبارانەی تورکیا و ئێران خۆپیشاندانیان کردووە. دواتر تەلەفزیۆنی زاگرۆس و کەناڵی هەولێر وایان پیشاندا کە کە بەرەڤان حەمدی بەرێوەبەری ئەو خۆپیشاندانە بووە و هیچ ئاماژە بەدەقی ئەو یاداشتنامە و ووتاری کەپەینی نارِەزایی نەکرا!

ئێمە لێرەوە وەکو کۆمیتەی کەمپەینی نارِەزایی ڕایدەگەیەنین کە پێشتر قسەمان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو و ئەوانیش ڕەزامەندی خۆیان پیشاندابوو کە پێشوازیمان لێبکەن، دواتر ئەو کارە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کۆمیتەکەمان بە هاوکاری کۆمەڵێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە 2007/8/28 دەستی پێکردبوو هاتەبوون ، بۆیە ئیمە نیگەرانی خۆمان ڕادەگەیەنین و داوا لەو کەنالانە دەکەین کە داوای لێبووردن بکەن بەرامبەر چەواشەکردنی ئەو ڕێپێوانە ئەو خەڵکەی لەو ڕێپێوانە بەشداربووە.

کۆمیتەی کەپەینی نارەزایی

2007/9/9